سایتی
نێگەتیڤ ١

# نیهیلیزم

(بەشی سێیەم)

موراد فەرهادپوور

و. وەلید عومەر

ئایدیاڵی زوهد[1]، خۆی لەسەر بنەمای فشارێکی ناوەکی درووستنابێت بەڵکو لەسەر بنەمای جۆرێك ناوەکیبوونەوە درووستدەبێت و دەبێتە بەشێك لە بوونی مرۆڤ. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ***چێژی زیادە*** وەك دیوە شاراوەکەی یاسا هێزی پێدەبەخشێت. زۆپانچیچ ئاماژە بەوە دەکات کە لە هەلومەرجێکی لەم جۆرەدا یاسا خۆی دەبێتە تاکە ***ڕیاڵ***. سەرکەوتنی ئایدیاڵی زوهد، ڕێك بریتییە

---

[1]. ئایدیاڵی زوهد(ascetic ideal)، وەك بیرخستنەوەیەکی سادە جێی خۆیەتی ئاماژەیەك بەوە بکەینەوە کە ئەم چەمکە لای نیچە بنەمایەکە بۆ نیهیلیزم. ئایدیاڵ واتە شتێکی بەرز و نمونەیی کە بۆی دەکۆشیت و زوهدیش وەك خۆگرتنەوە لە ژیان. بەمپ ێیە ئایدیاڵی زوهد ئەو پرەنسیپەی مێژووی مرۆڤە کە دەیەوێت ژیان نەفی بکات و شتانێکی ئەبستراکت بخاتە جێی ژیان و ئەم نەفیکردنەی ژیانیش سەردەکێشێت بۆ نیهیلیزم. مێژووی دینەکان بەشێکن لەو مێژووەی کە ژیان نەفیدەکەن و حەقیقەتێکی ئەبستراکت و دەرە-ژیان و ئەودیوجیهان دەخەنە جێی ئەم ژیانە ڕاستەقینەیە. تەنانەت زانستیش لە جیهانی مۆدێرندا ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت و لە گەڕانیدا بەدوای حەقیقەتدا، تەڕوبڕی و کۆنکرێتبوونی ئەم جیهانەی بەردەست نەفیدەکات و ژیان دەگۆڕێت بۆ چەندایەتی و بڕ و کەشفی ئەبستراکت. بەپێی ئەو سیاقەی کە نیچەی تیا ژیاوە، مەسیحیەت سەرچاوەیەکی دیاری ئایدیاڵی زوهدە و یەهودیەتیش بەشێکە لەم زوهدە. زوهد هەمیشە خراپ نیە لای نیچە. زوهدێکە هەیە ئەرێنییە و داکۆکی لە غەریزەی ژیان دەکات و جیایە لە زوهدی کەلەپوری ئەفلاتونیزم و مەسیحیەت و هتد و پتر بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە. زوهدێکی تر هەیە نەرێنییە و ژیان نەفیدەکات و ڕیشەی لە میتافیزیکی دینی یان فەلسەفیدایە و ئایدیا دەخاتە جێی ژیانێکی زیندوو. بەکورتییەکەی ئایدیاڵی زوهد بیانووهێنانەوەیە بۆ نەکردن و نەژیان و ویستنی هیچ- و

لەو ڕاستییەی کە لە خاڵێکی تایبەتدا، ئایدیاڵی زوهد پانتایی ئەزموونی مرۆڤ داگیردەکات و بەدەستیەوە دەگرێت و لەبەر ئەمەشە کە یاسا(لەژێر ناوی ئایدیاڵی زوهددا) نەك هەر ڕێگر نیە بەڵکو پەیوەندییەکی ناوەکی لەگەڵ زیادەی ئارەزوو و ژوویسانس‌دا دروستدەکات. خاڵە گرنگەکە ئەم پەیوەستبوونەی ***چێژی زیادە*** و یاسایە. بۆنمونە، دەتوانین ئاماژە بە یاسا نەنوسراوەکانی فەزا سەربازییەکان، قوتابخانەکان، کۆڕوکۆمەڵە برایەتییەکان(Fraternity) بکەین(بۆنمونە لە فیلمی Full Metal Jacket دا). لە هەر ژینگە و فەزایەکدا کۆمەڵێك لینك و ئەڵقە و پەیوەستی هەیە کە دەکەونە سەرووی ڕێسا ڕەسمی و ڕاشکاوەکانەوە. ئەمانە عادەتەن لە ***زیادە*** و ***نەست*** دەئاڵێن و جۆرەها ڕەفتاری لادەرانەی سێکسی و ڕەگەزپەرستیی وەك تەواوکەری یاسای لێ دەئاڵێن. ئەوەی لە کۆمەڵگای پۆستمۆدێرن و چێژپەرستدا ڕوودەدات، ئاوەژووبوونەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوان فۆرمە ڕەسمییەکەی یاسا و دیوە قێزەونەکەیەتی. لێرەدا وادەردەکەوێت کە لەم لێك‌ئاڵانەی ***زیادە*** و ***ئایدیاڵی زوهد*** وەك یاسا، ئەم دوو دیوە پەیوەستدەبن بەیەکترەوە. دەتوانین ئەم پەیوەستبوونە وەك پەیوەستبوونی نێوان ڕێسا(قاعیدە) و ئاوارتە(ئیستیسنا) بەراوردبکەین. وەکچۆن ئاگامبێنیش ئاماژەی بۆ دەکات، ئاوارتە(دۆخی نائاسایی) هێندە بەردەوام دەبێت تاکو دەبێتە ڕێسا. دەتوانین پەیوەست بەم دیوە قێزەون و شاراوەیەوە، فرمان و کارکردی سوپەرئیگۆ(منی باڵا) ڕوونبکەینەوە. گەرچی سوپەرئیگۆ چەمکێکە پەیوەندیی بە دەروونشیکارییەوە هەیە، بەڵام وەك دەزانین پێشتر نیچە زۆرێك لە دۆزینەوەکانی فرۆیدی بە شێوەی دیکە پۆلێنبەندی کردبوو. نیچە لە کتێبی (ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر جۆرە سیستەمێکی بەهادانانی ئەخلاقی، سەرەنجام ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر ئاڵوگۆڕی ئازار. (خۆی دەڵێت:) "هەموو شتە باشەکان، ڕیشەیان لە خوێن و نەگبەتی‌دایە". چەمکە ئەخلاقییەکان، دواجار لەسەر ئاڵوگۆڕی ئازار بەندن:

تۆڵەسەندنەوە. هەر لەڕێگەی ئەم ئاڵوگۆڕی ئازارەوەیە کە ویژدان دروستدەبێت. نیچە لە کتێبی ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاقدا، وەك بوونەوەرێك سەیری مرۆڤ دەکات کە گفتدەدات، گفتێك کە بڕیارە لە ئایندەدا بێتەدی. بەم جۆرە مرۆڤ پێویستی بە ویست و ئیرادەیەکە کە بەسەر تێپەڕینی زەمەندا زاڵ ببێت و ڕێ لە بیرچوونەوەی "گفت" بگرێت. بەڵام ئەم بیرنەچوونەوەیە چۆن دەرەخسێت؟ ویستی مرۆڤ: مرۆڤ وەك بوونەوەرێك کە گفتدەدات، بەدیهێنەری جۆرێك لە یادەوەری و زاکیرەیە. دروستکردنی زاکیرە و یادەوەری، لە ئەنجامی دانانی کاریگەرییەوە لەسەر ویست دەرەخسێت. ئەم کاریگەرییە، لەڕێگەی ئازاردان و داخکردنەوە دروستدەبێت. بەهۆی جۆرێك لە داخکردن و ئازاردانەوەیە کە ویژدانی مرۆڤ دروستدەبێت. ئەم ویژدانە گوزارشتە لە سیستەمێکی جێگیری ئاڵوگۆڕی یەکسانی ئازارەکان. ئاڵوگۆڕکردنی بڕێك ئازار لەگەڵ ئازارێکی تردا کە لەگەڵ ئازاری یەکەمدا هاوبەها و یەکسانە و قابیلی ئاڵوگۆڕیشە. بۆ تێگەیشتنی باشتر لەم پرسە، واباشترە بەراوردێك بکەین لەنێوان ئاڵوگۆڕی بەها لای مارکس و ئاڵوگۆڕی ئازار لای نیچە.

لە مارکسیزمی کلاسیکدا، دروستبوونی بەها لە قۆناغی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی کار و سەرمایەدا، ناتوانێت بەباشی دروستبوونی زیادەبەها ڕوونبکاتەوە. بە بۆچوونی "کارتانی"، نابێت ئاڵوگۆڕ تەنیا وەك ئاڵوگۆڕی کار و سەرمایە وەربگرین لە کایەی بەرهەمهێناندا، بەڵکو دەبێت لە ئاستێکی بەرفراوانتردا لە پانتایی سووڕی کاڵاکاندا وەریبگرین. واتە لەو جێیەدا کە کرێکار نەك هەر وەك هێزێکی خاوی بەرهەمهێن بەڵکو وەك مەسرەفکاریش دەردەکەوێت. ئالێرەدایە کە زیادەبەها(وەك ڕۆحی ئابوریی سەرمایەداری) بە مانای ئابوریی وشەکە دروستدەبێت. دروستبوونی زیادەبەها لە پانتایی سووڕ و ئاڵوگۆڕدا ڕوودەدات نەك پانتایی جودای بەرهەمهێنان. گەر دوای ئەم باسە بکەوین سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ئازار، ئەوا سیستەمی سزادان و

تۆڵەکردنەوەش هەر لەسەر ئەم حیساباتە بنیاتنراوە، هەر لەسەر یەکسانیی ئێش و ئازارە کە کارکردنەکەی لە ئاڵوگۆڕی ڕووتی دووکەس تێدەپەڕێت. مرۆڤەکان لە پانتایی ڕەمزیدا، ئاڵوگۆڕ بەهۆی **ئەویتری گەورە**[٢]وە ئەنجامدەدەن. مرۆڤەکان بەنێوانگریی پانتاییەکی گەورەی دەلالەتەکان و نێوانگرەکان پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا درووستدەکەن؛ وەکچۆن پارە، هەروەك ئەویتری گەورە، ئاڵوگۆڕ لە پانتایی مەسرەفدا دەڕەخسێنێت. لێرەدایە کە ئاڵوگۆڕ لە فۆرمە ئاسایی و جێگیرەکەی خۆی دەچێتەدەرێ و ڕەهەندە ***زیادە*** و تەقینەوەئاساکەی دەردەکەوێت. لێرەدایە کە ڕاز و نهێنیی سەرمایە ئاشکرادەبێت: بۆ سەرمایە، بەرهەمهێنانی کاڵا مەسەلەیەکی لاوەکییە. سەرمایە وەك شتێکی وەرسکەر سەیری بەرهەمهێنانی مادی دەکات. ئەوەی گرنگە و کۆی لۆژیکی سەرمایەش پەیڕەوی دەکات بریتییە لە کەڵەکەکردن(accumulation). ئەوەی لەژێر ناونیشانی دونیای مادی و خراپە و ...دەرگیری سەرمایەیە، تەنیا ڕوویەکی لاوەکییە لە سیما سەرەکییەکەی لۆژیکی سەرمایە. سنورێکی مادییە کە بۆ "نەگبەتی"، بەسەر سەرمایەدا سەپێنراوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە لۆژیکی سەرمایە بە باشترین شێوە لە بۆرس و ڕەوتی ئەبستراکتی دارایی و کرێدت( Credit)دا دەبینرێت. ئارەزووە شێتانەکەی سەرمایە بۆ ناکۆتا، لە پانتایی ئاڵوگۆڕدا دەتەقێتەوە و لە دۆخی یەکسانی دەردەچێت و بریکارێکی ناکۆتا دێنێتەناو هاوکێشە کۆتادارەکانەوە.

ئێستا گەر بگەڕێینەوە بۆ ئاڵوگۆڕی ئازار، ئەوا شتە ناکۆتا و زیادەکە، بریتییە لە گوناهـ . گوناهـ ئەو شتەیە کە ئاڵوگۆڕی ئازار لە ئاستێکی بەرفراوانتردا پیشاندەدات(کە لە ئاستی پەیوەندیی دووکەس تێدەپەڕێت). بەپێی وتەکەی

---

[٢]. ئەویتری گەورە: چەمکێکی ژاك لاکانە و گوزارشتە لە کۆمەڵگا و ئەو هێزە نەنوسراوەی کۆمەڵگا کە لەسەر تاکەکەس هەیەتی و لە هەموو شوێنێك ئامادەیە. ئەویتری گەورە ڕیشەیەکی زەمینیی هەیە، خودا نیە، بەڵکو هەر کۆمەڵگا خۆیەتی لە ئاستە ڕەمزی و نەبینراو و فشارئامێزەکەیدا. شتێك نیە پێشوەخت بەشێوەیەکی جەوهەری هەبێت و ملکەچی بین، بەڵکو بەردەوام دەکەوێتە داهاتووە و وای دادەنێین هەیە و دەبێت ملکەچی بین. ئەویتری گەورە، تاکەکەتاکەی کەسەکان نیە، بەڵکو ئەو تۆڕە ڕەمزییەیە کە زۆر شتی ژیانی مرۆڤ دیاریدەکات. لە یاسای نوسراو و نەنوسراوە بیگرە تا دابونەریت و زمان و بەشێك لە ئایدۆلۆژیا و پەیوەندییەکان و بەهاکان و چاوەڕوانییەکان- و

قەدیس پۆڵس، ئەوە یاسا خۆیەتی کە سنور دەکێشێت و ئارەزووی شکاندنیشی درووستدەکات. ئەوە یاسا خۆیەتی کە دەبێتە سەرچاوەی گوناهـ. گوناهـ هیچ نیە جگە لە ئیرادەیەك کە ملکەچی یاسا بووە و لە بازنەیەکی بەتاڵدا گیریخواردووە. پەیوەستیی نێوان ***چێژی زیادە*** و گوناه، دەبێتەهۆی ئەوەی کە گوناه ببێتە قەرزێکی ناکۆتا. ڕێك بەو جۆرەی کە لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Schuld هەم بە مانای گوناه دێت و هەم بە مانای قەرزیش. لەم ئارەزووکردنەی ناکۆتادایە، کە گوناه و چێژی زیادە دەبنەیەکێك و گوناه وەك ڕۆحی یاسا خۆی دەردەخات و ڕووبەڕووی سوپەرئیگۆ دەبینەوە. سوپەرئیگۆ ڕووبەڕووی گوناه و قەرزێکی قەرەبوونەکراوەمان دەکاتەوە، گوناه وەك ڕەگەزێکی پێوانەنەکراو دێتەناوەوە و ئاڵوگۆڕی هاوسەنگانەی ئازار لە جووڵەیەکی ناکۆتادا دەتەقێنێتەوە. لەبەرامبەر یاسای سوپەرئیگۆدا، مرۆڤ هەرچەند هەوڵبدات قەرەبووی ئەم گوناهە بکاتەوە؛ ئەوا گوناهبارییەکەی زیاتردەبێت. ئارەزوو، لەڕێگەی ناکۆتابوون و لێكئالانی یاسا و ***چێژی زیادە***وە دەرگیری ئەم قەرزە قەرەبوونەکراوەیە دەبێت. ئەمە ئەوکاتە ڕوودەدات کە یاسای سوپەرئیگۆ وەردەرگەێت بۆ فەرمانی چێژوەرگرتن. یاسای سوپەرئیگۆ، لە دونیای چێژپەرستانەی ئەمڕۆدا، فەرماندان نیە بەوەی خۆت لە چێژ دووربگریت و چاوپۆشیی لێ بکەیت، بەڵکو ڕاستەوخۆ فەرمانکردنە بەوەی هەردەبێت چێژوەربگریت. لەم فەرمانەدایە کە دەتوانین بونیادی ئەخلاقیی چێژپەرستیی ئەمڕۆ ببینین.

بۆ کۆتاییهێنان بە باسەکە، ئاوڕ لە لۆژیکی لێخۆشبوون و بەخشین (Mercy) دەدەینەوە. دیارە Mercy لێرەدا بەر لەوەی بە مانای لێخۆشبوون بێت، بە مانای لەبیرکردن و بەبیرنەهێنانەوە دێت. واتە جۆرێك لە توانای بەبیرنەهێنانەوە(و بیربردنەوە). بە وتەی نیچە، ئەو سوبێکتە دەتوانێت بەسەر نیهیلیزمدا سەرکەوێت کە دەسەڵات و سامانی هەبێت؛ ئەمە بەو مانایە نایەت کە سوبێکت بەرگەی ئێش و ئازار بگرێت و لەسەر ئەم بنەمایە قەرزاری ئەوانیتر

بێت. بەڵکو دەبێت لە ساتی ئەزموونکردنی ئێش و ئازاردا، ڕێ لەوە بگرێت کە ئەم ئێش و ئازارە ببێتەهۆی بنەمای سەرەکیی بەسوبێکتبوونی. ئەم سوبێکتە ڕێنادات کە ئازار بیکاتە قوربانی و قوربانییەکی لێ درووستبکات. ڕێنادات کە چێژی بەقوربانیبوون، سوبێکتبوونەکەی دیاریبکات(بە دەربڕینێکی تر، ناهێڵێت چێژی قوربانیبوون ببێتە جەوهەری سوبێکتیڤیتەی). واتە ناهێڵێت سوبێکتێك بێت کە شوناسەکەی هیچ نەبێت جگە لە چێژوەرگرتن لە قوربانیبوون(ئەخلاقی کۆیلەکان و ئەو بوغزەی کە بەهۆی ڕۆچوون بە برینە ناوەکییەکە و هەستکردن بە گوناهدا دەردەکەوێت). هەرکات مرۆڤ توانیی ئازارەکان لەبیربکات، ئەوا ئەوکات سوبێکتیڤیتەشی ڕزگاریدەبێت لەدەست گوناه و ئازار و دەستوپەنجەنەرمکردن لەگەڵ برینەکاندا.

لە دێڕەکانی پێشوودا، زیاتر لەڕوانگەیەکی دەروونشیکارانە و لاکانییەوە، پرسی نیهیلیزممان تاوتوێکرد. لێرە بەدوا، دەمانەوێت ئاوڕ لە تەفسیری ژیل دۆلۆز بدەینەوە بۆ نیچە. کاریگەریی نیچە لەسەر فەیلەسوفانی سەدەی بیستی فەڕەنسا(فۆکۆ، دۆلۆز، لیوتار)، شتێکی حاشاهەڵنەگرە. لەسەر بنەمای کتێبی (نیچە و فەلسەفە)، بەکورتی ئاوڕ لە تەفسیری دۆلۆز دەدەینەوە بۆ نیچە...

دەبێت ئەوەمان لەیادبێت کە فەیلەسوفانی وەك دۆلۆز و بادیۆ، لە نەریتی عەقڵانیەتی ئایدیالیزمی ئەڵمانی دابڕاون و پتر سود لە عەقڵانیەتی سپینۆزایی و فەلسەفەی پێش‌کانتی وەردەگرن. لەو نەریتەدا کە بە کانت دەستپێدەکات و تا هیگڵ و فۆیەرباخ و مارکس و دواتریش دەروونشیکاری و تیۆری ڕەخنەیی ئەدۆرنۆ درێژدەبێتەوە، چەمکی (سوبێکت) ڕۆڵێکی سەنترالْ دەگێڕێت و ئەم نەریتە زیاتر لەگەڵ ناکۆکییەکان و ڕەهەندە جیاجیاکانی چەمکی سوبێکتدا دەرگیرە. لەبەرامبەردا، ئەو نەریتەکەی کە دۆلۆز پێیەوە پەیوەستە، دیدێکی جیاوازی هەیە. بۆنمونە، هیوم لە نەریتێکدا کە سەرەتا باسمانکرد، زیاتر لە پەیوەندییدا بە کانتەوە بۆ ئێمە مانای هەیە و لەو جێیەدا کە بەشێوەیەکی

سەرەتایی پەیوەندیی بە ئایدیالیزمی ئەڵمانییەوە هەیە ئاوڕی لێ دەدەینەوە. لەکاتێکدا هیوم لای دۆلۆز ڕۆڵێکی جیاواز و سەنترال دەگێڕێت. لێرەدا باسکردنی ئەو خاڵە پێویستە کە پەیوەستبوون بە نەریتێکی جیاواز لە نەریتەکەی دۆلۆز، بەناچاری دەبێتە ڕێگر لە قووڵبوونەوە لە فەلسەفەکەی ئەودا و زۆرێك لە چەمکەکان بەشێوەیەکی پەرتەوازە و لاڵ دەخرێنەڕوو.

یەکێك لە چەمکە بنەڕەتی و سەنتراڵەکانی فەلسەفەی دۆلۆز و نیچە(و سپینۆزاش) بریتییە لە چەمکی ژین(ژیان) و دەتوانین جۆرێك لە Vitalism یان ژینگەرایی لە فەلسەفەکانیاندا بدۆزینەوە(واتە ژیان بکرێتە چەقی بیرکردنەوە، ئەویش بەپێی ویستی هێز و ویستی چالاکبوون بە مانا تایبەتەکەی). خاڵێکی تری گرنگ لە ڕوانگەی دۆلۆز و سپینۆزاشەوە، بریتییە لە ناونشینیی موتڵەق(ئیمانێنسی موتڵەق: واتە بوون و ژیان خۆی لەناو خۆیدا مانای هەیە و نابێت بگەڕێینەوە بۆ پرەنسیپێکی دەرەکی و بڵند و ترانسێندێنتاڵ). لەم ڕوانگەیەوە، بوون، شتێکی بێبۆشایی و بێکەلێن و پڕ و پتەوە. نیچە ئەم جیهانە بە دەعبایەك لە وزە و ئینێرژی وەسفدەکات. کۆمەڵێك هێزی گشتگیر و فرە و هاوکات پەیوەست بەیەکترەوە، ئەم جیهانە پێکدەهێنن. جیهانێك کە بەشێوەیەکی نەمر و جاویدان، خۆی دەئافرێنێت و خۆیشی لەناودەبات. ئەو ناوەی کە نیچە لەم جیهانەی دەنێت، "ویستی هێز"ە. ئەم وەسفانەی نیچە، دەنگدانەوە و زایەڵەیەکی دۆلۆزییانەیان هەیە. ئەو هێزانەی کە لە ساتی فرەیی‌دا، جۆرێك لە ***یەك*** پێکدەهێنن، یەك ***گشت***(کل).

پەیوەندیی ئەم یەك ***گشتە***، ئەم ناونشینییە موتڵەقە، بە نیهیلیزمەوە چیە؟ لێرەشدا "نەویستن" و "ویستنی هیچ"مان هەیە. لە ڕوانگەی دۆلۆزەوە، ئێمە لەسەرەتادا ویستێکی نەرێنی و نزم و نەویکەرمان هەیە. nihil لە nihilismدا دەلالەت لە نە-بوون(non-being) ناکات بەڵکو گوزارشتە لە بەهای سفر(و هیچ)، ویستی سفر و دانانی بەها بۆی. ئەمە ویستێکی نەفیکەرە کە ژیان لەسەر

بنەمای بەها باڵاکان نەفیدەکات و نزم و سوك سەیری دەکات. ئەم داواکردنەی "نەبوون" و ئەم ویستە نەرێنییە، لەڕوانگەی دۆلۆزەوە(بەپێچەوانەی باسەکەمانەوە لە بەشەکانی پێشوودا)، داواکردنی جۆرێك لە **زیادە** و ***ڕیاڵ*** نیە، بەڵکو ئەم ویستە نەرێنییە خۆی بە جۆرێکی تر سەردەکێشێت بۆ نیهیلیزم. نیهیلیزم بەم مانایەی تر، ئاماژەیە بۆ جۆرێك لە ***پەرچەکردار و کاردانەوە.*** ئەمە ئەو جێیەیە کە ئەو لەبەهاداماڵینە و ئەو سوککردنەی ژیان، چیتر بەو مانایە نایەت کە بەهای سفر دەدەین بە ژیان؛ بەڵکو ئیدی خودی ئەم بەها باڵایانە سفروەردەگرن. بە دەربڕینێکی تر، خودی بەها باڵاکان، سوك و نزم و نەوی دەکرێن. لە دیدی دۆلۆزەوە، سەرەنجام ئەمە سەردەکێشێت بۆ نیهیلیزمێکی ناچالاك کە لەکۆدا ویستن نەفیدەکات.

ئێمە لە قۆناغێکدا ژیانمان لەسەر بنەمای بەها باڵاکان نەفیدەکرد و سوك سەیرماندەکرد، بەڵام هەنوکە خودی ئەم بەها باڵایانە نەفیدەبن و ژیان لە دنیایەکی بێبەها و بێجۆشوخرۆشدا بەردەوام دەبێت. ئەم جۆرە ژیانەی دووەم، لە دیدی دۆلۆزەوە جۆرێکە لە "ژیانی پەرچەکرداری یان کاردانەوەیی- reactive"، لەم قۆناغەدا ئەفراندن و خەلاقیەتی چالاکانە لەناودەچێت و ئەوەی دەمێنێتەوە کۆمەڵێك هێزی پەرچەکرداریەن. جۆری دووەمی نیهیلیزم بە شێوازێك لە ژیان کۆتاییدێت کە لە جیهانێکی بێبەهادا درێژە بە خۆی دەدات. نیهیلیزم لای دۆلۆز، تەعبیرە لەو دۆخەی کە ئەوە هێزە پەرچەکرداری و کاردانەوەییەکانن کە بەهاکان درووستدەکەن. ئەوە ئەو هێزە پەرچەکردارییەیە کە دەبێتەهۆی ئەوەی لە نیهیلیزمی نەرێنییەوە بۆ نیهیلیزمی پەرچەکرداری بڕۆین و لەوێشەوە سەرەنجام بەرەو نیهیلیزمی ناچالاك بپەڕینەوە. نیهیلیزمی نەرێنی، لەسەر بنەمای بەرامبەرکێی نێوان جەوهەر/ڕواڵەت(نمود) درووستدەبێت، و ژیان وەك ڕواڵەتی ڕووت بە قازانجی جەوهەر نەفیدەبێت/نەفیدەکرێت. لە حاڵەتی دووەمدا، خودی جەوهەریش نەفیدەکرێت. لە مێژووی ئەوروپای سەدەی بیستدا، فەیلەسوفێکی

وەك هایدگەر داكۆكی لە خۆفیداكردن و قوربانیبوون دەكات، ئەوەی كە دەبێت ژیانی خۆت لەپێناوی كۆمەڵێك بەهادا بكەیتە قوربانی. بەڵام لەدوای جەنگ(ـی دووەمی جیهانی)، مەسەلەكە شێوەیەكی تر دەگرێتەخۆی و لە سوبێكتی مەرگ(پیرۆزكردنی قوربانیدان و گیانفیدایی لەپێناوی بەها باڵاكاندا)ـەوە بەرەو مەرگی سوبێكت دەپەڕینەوە. (مەرگی سوبێكت، مانای زۆرە. یەكێك لەوانە توانەوەی مرۆڤ یان سوبێكتە لەناو سیستەمدا نەك ئەوەی سوبێكت گیانی خۆی بكاتەقوربانی لەپێناوی كۆمەڵێك بەهادا دژی سیستەم). ئێستا ئیدی ژیانی ڕووت تاكە بەهایە كە ماوەتەوە و دەبێت هەمووشت بكرێتە قوربانیی زیندوومانەوەی بایۆلۆژی!

بۆ ڕوونكردنەوەی تێپەڕینەكە لەم چەند شێوازەی نیهیلیزم، وا پێویستدەكات سەرەتا هەندێك لە چەمكە بنەڕەتییەكانی دۆلۆز بخەینەڕوو. خاڵی دەسپێك چەمكی جەستە(body)یە، ئیدی جەستە بە مانا فراوانەكەی(جەستەی بایۆلۆژی، جەستەی تاك، جەستەی كۆمەڵایەتی و هتد). پرسیارە گرنگەكە لای دۆلۆز چیەتیی جەستە نیە، بەڵكو ئەوەیە كە جەستە دەتوانێت چ كارگەلێك ئەنجامبدات؟ بەم تێگەیشتنە، جەستە لە پەیوەند بە هێزەكانەوە لێكدەدرێتەوە. جەستەكان بەرهەمی دەرگیربوونی هێزەكانن لەگەڵ یەكتردا، و دۆلۆز ئەم هێزانە دابەشدەكات بۆ هەردوو هێزی كرداری و پەرچەكرداری(هێزی دەسەڵاتدار و هێزی ژێر دەسەڵات). هێزە پەرچەكردارییەكان، بەجۆرێك لە جۆرەكان، دەكەونە ژێر دەسەڵاتی هێزە كردارییەكانەوە. دۆلۆز، هێزەكان وەك شتانێكی چەندایەتی یان چەندێتییانە دەخاتەڕوو. ئەم چەندێتییە، بە مانا زانستی و فیزیاییەكەی ناپێورێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە، جیاوازیی هێزەكانە. ئەو هێزانەی كە لەگەڵ یەكتردا دەكەونە پەیوەندییەوە، و بەبێ دەرگیربوون لە پەیوەندییەكی "چۆنایەتی"دا ناتوانن چەندێتییان هەبێت. كێشەكە ئەوە نیە بۆنمونە جۆرێك لە ژمارە بدەینەپاڵ هێزەكان، بەڵكو كێشەكە پەیوەندیی نێوان هێزەكانە؛ واتە لە پەیوەندیی نێوان هێزەكاندا كام هێز كردارییە و كام

هێزیش پەرچەکرداری. مەسەلە سەرەکییەکە لای دۆلۆز، دۆزینەوەی هێزە کردارییەکانە، کە بەبێ ئەوانە هێزە پەرچەکردارییەکان ناتوانن ببنە هێز.

ئەوەی لەبەرامبەر هەر جۆرە پەرچەکردارێکدا(ئاگایی)، ئەولەویەت دەبەخشێتە جەستە، چالاکیی هێزە نائاگانە لەناویدا. جەستە ئەو شتەیە کە مرۆڤ لە ئاگایی(consciousness)ـەکەی جیادەکاتەوە. ئاگایی و ئیگۆ و هتد، هێزی پەرچەکردارین. چۆنیەتیی هێزەکان دەکەوێتە تواناکەیانەوە دەرهەق بەوەی چۆن جیاوازی لە چەندێتیدا دروستدەکەن. قودرەتی گۆڕانکاری، سەرەکیترین پێناسەیە بۆ کردار و چالاکبوون، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیربکەین کە پەرچەکردارەکانیش تەنیا وەك جۆرێك لە هێز دەتوانن بپێورێن. شتی پەرچەکرداری، خۆی جۆرێکە لە هێز؛ بەڵام هێزێکە کە تەنیا ئەوکاتە دەتوانین لێی تێبگەین و بیناسینەوە کە پەیوەندییەکەی لەبەرچاوبگرین لەگەڵ هێزە کرداری و ئەفرێنەرەکانی تردا. جیاوازیی نێوان هێزەکان شتێکی چەندایەتییە، بەڵام هاوکات دەشبێتە چۆنایەتییش. چۆنایەتیی هێزێك، جیاناکرێتەوە لە بڕی جیاوازییەکەی لە چەندایەتی. مەسەلەکە ئەوە نیە کە هێزەکان پێکدەگەن و جۆرێك لە هاوسەنگی دروستدەکەن، ئەو "گشت"ـەی کە لە کۆی ئەم هێزانە پێکدێت هەمیشە لە جووڵە و گۆڕاندایە. چۆنیەتی، وەك گۆڕانێك لە چەندێتیدا دێتەئاراوە. گەر بمانەوێت ئەم مەسەلەیە لە بیرکاری(حیسابی دیفرانسێل)دا بخەینەڕوو، ئەوا دەتوانین سود لە (دۆزی سنور-limit) ببینین: $dy/dx$ گوزارشتە لەو گۆڕانکارییانەی $y$ لە هەلومەرجێکدا کە گۆڕانکارییەکانی $x$ بە ئاراستەی سفردا ئارەزوودەکات. خاڵی گرنگ لێرەدا جیاوازیی نێوان هێزەکانە. $f(x+dx)/dx$: هەر گۆڕاوێك بەهۆی گۆڕانێکی زۆر بچوکی چەندایەتییەوە(واتە بە جیاوازییەکی کەمەوە)، گوزارشتە لە چۆنایەتییەکەی وەك هێزێکی پەرچەکرداری. $X$ نەك تەنیا بەهۆی گۆڕانی چەندایەتییەوە خۆی دەگۆڕێت بەڵکو ماهیەتێکی چۆنایەتییش وەردەگرێت، واتە ماهیەتی "هێزێکی کرداری".

لە ڕوانگەی دۆلۆزەوە، مانای یەکەمی نیهیلیزم، نیهیلیزمی نەرێنی‌یە و لە مانای دووەمیشدا نیهیلیزمی پەرچەکردارییە.

بوغز، نیهیلیزمی نەرێنی، ئەخلاقی کۆیلەکان و ...هتد تێکڕا نمونەن بۆ هێزە پەرچەکردارییەکان. جیاوازیی ئەخلاقی کۆیلەکان لەگەڵ ئەخلاقی سەردەستەکان( nobility) لەوێدایە کە لە ئەخلاقی کۆیلەکاندا ئەوە هێزە پەرچەکردارییەکانن بەها درووستدەکەن. بەپێی دۆلۆز، تەنانەت لە نیهیلیزمیشدا دەتوانین درووستکردن و ئەفراندنی بەهاکان ببینین بەڵام ئەم بەهایانە درووستکراوی دەستی هێزە پەرچەکردارییەکانن.

دۆلۆز، هیچ جۆرە چۆنایەتی و هیچ ماهیەتێکی زاتی بۆ هێزەکان دانانێت. چۆنیەتیی هێزەکان و کردارییبوون و پەرچەکردارییبوونیان ڕێك لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان هێزەکان دەستنیشاندەکرێت.

با ئاوڕێکیش لە چەمکی (گەڕانەوەی هەمیشەیی"هەمان" the same). لە دیدی دۆلۆزەوە، ئەم چەمکە وەڵامێکی ئیستیعاری و میتافۆریکاڵە دەرهەق بە "بوونبە" و صەیرورەی ڕووت(becoming). دۆلۆز و نیچە هەردووکیان ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکەن کە ئەگەر زەمەنی ڕابردوو وەك شتێکی ناکۆتا وەربگرین، ئەوا هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر بوونیان هەبووە، دەبێت ئێستا گەیشتبنە کۆتایی خۆیان و بەتەواوی هاتبنەدی و ڕوویاندابێت. ئەگەر شتێکیش بە گریمانە وەربگرین کە "بووە"، ئەوا چۆن دەتوانین سەرەتای "بوون بەو شتە"ی ڕوونبکەینەوە؟ صەیروورە یان بوونبە(یان becoming)، بەم مانایە هیچ نیە جگە لە بوون(وجود یان کەینونە). ئەگەر بتوانین باسی ئۆنتۆلۆژیا(بوونناسی) بکەین ئەوا ناتوانین هیچ جەوهەرێکی نەگۆڕ و وەستاومان هەبێت، بەڵکو تەنیا دەتوانین باسی بوونی "بوونبە" بکەین(واتە بوون هەمیشە لە پرۆسەی –بوون-بە-بوون دایە). لە ڕوانگەی دۆلۆزەوە، گەڕانەوەی هەمیشەیی هەمان-ی نیچە، گوزارشتە لە گەڕانەوەی ئەو بوون-

ـەی کە ***دەبێت***(واتە لە پرۆسەی بوونبە و صەیروورە و جووڵەدا بەردەوامدەبێت). ئەوەی کە هەموو شتێك دەگەڕێتەوە، نزیکترین نزیکبوونەوەی جیهانی (بوونبە...)یە لەگەڵ جیهانی (بوون)دا. بنەمای گەڕانەوەی هەمیشەیی، میتافۆرێکە کە لەڕێگەیەوە، جیهانی (بوونبە...) تا ئەوپەڕەکەی لە جیهانی (بوون) نزیکدەکەینەوە.

خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە لەم گەڕانەوە هەمیشەییەدا، هیچ شتێك ناگەڕێتەوە. ئەوە (بوون) نیە کە دەگەڕێتەوە بەڵکو خودی (بوونبە...)یە کە دەگەڕێتەوە و بوون درووستدەکات. هیچ جەوهەر یان هیچ سوبێکتێك خۆی لەخۆیدا بوونی نیە تا بگەڕێتەوە، تاکە شتێك کە دووبارەدەبێتەوە خودی (بوونبە...)یە. لەڕێگەی ئەم دووبارەبوونەوە هەمیشەییەوەیە کە دەتوانین چرکەساتی ئێستا ڕوونبکەینەوە، چرکەساتی ئێستا وەك چرکەساتێك کە ***دەبێت(و لە بوونبە و صەیروورەدایە).*** لەسەر ئەم بنەمایەیە کە دۆلۆز بانگەشەی ئەوە دەکات گەڕانەوەی هەمیشەیی بە جۆرێك لە سەنتێز دابنێین. سەنتێزی نێوان (بوونبە...) و ئەو (بوون)ـەی کە لە پرۆسەی( بوونبە...)دا پێناسەدەکرێت.

بەهۆی دابڕان لە هێزە پەرچەکرادارییەکانەوەیە کە دەتوانین لە نیهیلیزمی پەرچەکرداری دەربازمان ببێت. دۆلۆز ئاماژە بەوە دەکات کە لەم خاڵەدا سەروکارمان لەگەڵ نەفییەکاندا نیە بەڵکو سەروکارمان لەگەڵ نەفییەکاندایە وەك هێزگەلی ئەرێکردن و ئەرێگۆیی(نەك نەفی و نەرێگۆیی). ئەرێکردن هیچکات خۆی ئەرێناکرێت و جەختی لەسەر ناکرێتەوە، مەگەر پێشوەخت نەفیکردن و نەرێکردن پەیوەندیی خۆی لەگەڵ هێزە پەرچەکردارییەکاندا بڕیبێت. دەبێت نەفی، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ هێزە پەرچەکردارییەکاندا بڕیبێت و ئالیرەدایە کە ئەرێکردن و جەختکردنەوە(affirmation) دەرەخسێت. مەسەلە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ***نێگەتیڤ***، چۆنایەتییەکی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوە نیە. ئەرێکردن، بە مانای خەلاقیەت و ئەفراندن دێت نەك بە

مانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی شتێك، بەڵکو بە مانای ئازادکردنی هەر شتێکە کە دەژی. ئەرێکردن و جەختکردنەوە، خۆی ئەرێکردنە بە ڕووی شتێکدا کە لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە و لێرەدایە دەکەوینە بەردەم مرۆڤی باڵا(سوپەرمان). ئەرێکردن بە مانای ئەفراندن، هەر ئەرێکردنە بەڕووی ئەرێکردندا کە تەنیا لە مرۆڤی باڵا دەوەشێتەوە.

نیچە بەردەوام هەڵدەکوتێتە سەر چەمکەکانی وەك حەقیقەت و یەکێتی و هتد. چەندین جاریش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حەقیقەتەکان هیچ نین جگە لە کۆمەڵێك درۆی بەسوود. بەڵام لە جێیەکی تردا باسی حەقیقەت دەکات کە زیانی بۆ ژیان هەیە. دەسەڵاتیش لەوەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ بتوانێت ئەم حەقیقەتە لەبەردەم خۆیدا هەموار بکات. ئەم حەقیقەتانە(بەو مانای دووەمەی کە نیچە بەکاردەهێنێت) لەو شتە دەچێت کە لە گوتاری دەروونشیکارییدا پێی‌دەوترێت *ڕیاڵ*. ئەگەر جەوهەری ژیان بە ناخودئاگا و نەست بزانین و ژیانی ناوەکییش بە شتێکی دەرنەبڕاو بزانین، ئەوا حەقیقەتە داروینی و کۆپەرنیکی‌یەکان بۆ ژیان زیانبەخشن. دۆلۆز بەهۆی تەرحکردنی پرسی (هێز)ـەوە، بەشێوەیەکی ناونشین پرسی نیهیلیزم تاوتوێدەکات و بەپێچەوانەی نەریتی ئایدیالیزمی ئەڵمانی و نەریتە قەرزارەکانیەوە، ڕێ لەوە دەگرێت دەرگیری پرسی ترانسێندێنتاڵ(موتەعال) ببێت.